# منداڵان لە زەلکاوی لەشفرۆشیدا

وەرگێرانی: سوهام حەسەن



رابۆرتی : جولیا رۆك ــ بی بی سی

لەیلا کچێکی ئێرانیە، ئێستا تەمەنی (٢٢) ساڵە لە شارۆچکەیەکی بچووك بە ناوی (ئەراك) دەژی کە چوار کاتژمێرلە تارانی پایتەخت دوورە ، ئەم شارۆچکەیە ناوبانگی بە تلیاك ( مادەی سرکەر)و بڵاوبونەوەی تاوانەکانی لەشفرۆشی دەرکردووە، لەیلا زۆر بەناخۆشی باس لە رابردووی خۆی دەکات .

سەرەتا دەڵێت تەمەنم (٩) ساڵان بوو، دایکم بەمەبەستی کڕینی شوکولاتە بۆچەند شوێنێك دەیبردم، ئەوشوێنانە کە کاری نابەجێ و سێکسیان تێدا ئەنجام دەدرا، لەو تەمەنەو بە نائاگایی خۆم کەوتمە ناو زەلکاوی لەشفرۆشی، ئەم کچە بێ تاوانە وەك کاڵایەك بۆ بژێوی ژیانی خێزانە کەمدەرامەتەکەی بەکارهێنراوە، بازرگانی بەجەستە کراوە، بەنیگەرانیەوە دەگێڕێتەوە کە لە رووی جەستەوە کچێکی لاواز بووە، هەستی بەو ژینگە پیسە نەکردووە کە ژیانی تێدا دەگوزەرێنێ، لەیلا یەکەم قوربانی نیە لەم دێیە، بەڵکو کچان‌و ژنانی دیکەش لەلایەن خێزانە کەمدەرامەتەکانیان بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، باوك بەپێی شەریعەتی ئیسلامی دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر منداڵەکاندا هەیە، تەنانەت ئەگەر باوکێك منداڵەکەشی بکوژێت، سزای لە سێدارەدانی بە سەردا ناسەپێت، تەنها چەند مانگێك دەستگیر دەکرێت دوایی ئازاد دەکرێت، لە درێژەی قسەکانی، لەیلا دەڵێت:"لەلایەن برایەکانی دەستدرێژی کراوەتە سەرو دوای شوکردنی بە دوو مانگ شەوێك لە لایەن مێردەکەی بازرگانی بە جەستەیەوە کراوەو زیاتر لە (١٥) پیاو کاری سێکسیان لەگەڵ کردووە، ئەم شەوە پۆلیس بەم رووداوەی زانیوەو هەموویانی گرتوون، پاش دانپێدانانی براکانی لە کاتی لێکۆڵینەوە دەریانخست کە کاری نابەجێیان لە گەڵ کردوە، دادوەر بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر لەیلا دەسەپێنیت، چونکە بە زیناکردن تەوانبارکرابوو، کە لە یاسای ئێرانی سزاکەی لە سێدارەدانە،مێردەکەی بۆ ماوەی(٥) ساڵ زیندانی دەکرێت، چونکە ماڵەکەی بۆ کاری نایاسایی بەکارهێناوە، کە ئەویش لەشفرۆشیە.

براکانیشی سزای جەڵدلێدانیان بۆ بڕایەوە، بە راوبۆچوونی لەیلا ئەوەی پێ باشبووە کە ئەمانە لە سێدارە بدرێن، کاری نابەجێی لەیلا تەنها بۆ پەیدا کردنی مادەی هۆشبەر بووە، بۆ ئەندامانی خێزانی، بەپێی ئاماری


لەیلا

(نەتەوە یەکگرتووەکان) ماددەی هۆشبەر لە ئێران بەگەورەترین و ترسناکترین گرفت دادەنرێت، بەڵام هیچ ئامارێکی هاوشێوە بۆ دیاردەی لەشفرۆشی نیە. دواجار دەستەی داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ بەسەرپەرشتی پارێزەر (شادی سەدر) کە پارێزەرێکی بەتوانایە، کەسایەتی کاریگەرە لەو توووێژەدا، بەرگری لە کێشەی لەیلا کرد، سەدر لە رۆژنامەکانی ئێران بە داکۆکیکەر لە مافی مرۆڤ ناسراوە، هەر چەندە لەسەر خۆپیشاندان دژی دەسەڵاتی ئێران بەرامبەر بەکەمکردنەوەو نەمانی لە سێدارەدان ساڵێك لەمەوبەر بەرشاڵاوی گرتن کەوت.

پارێزەر سەدر دەڵێت: دادوەرە پیاوەکان هیچ مەشقێکیان نییە، لە سەر سێکسی ناشەرعی، لای ئەوان تەنها ژن تاوانبارە، پێیوایە یاسای دادوەری لە ئێران کۆنەپارێزو بێویژدانە، سەدر توانی کێشەی لەیلا بباتەوەو لەمەرگ و زیندان رزگاری بکات، ئێستا لەیلا لە شوقەیەك دەژی و لەژێر چاودێری کۆمەڵەی (هیوایە) کە لەلایەن سەدرەوە کۆمەك وپشتیوانی دەکرێت،(مەرجانە حالاتی) دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە، کە لە (لەندەن)نیشتەجێیە دەڵێت: لەیلا پێش گیرانی نووسینو خوێندنەوەی نەدەزانی، ئێستا هەوڵی خوێندنو نووسینو فێربوونی دروومان دەدات. بەڕێوبەری کۆمەڵەی هیواش (عشرت گوڵپوڕ) دەڵێت:"رووداوی لە

شێوەی لەیلا لەم دێیە زۆرە ، خۆی سەردانی ماڵەکانی کردوون، بۆیە دەرکەوتووە لە ئەنجامی کەمدەرامەتی، بەمەبەستی دابین کردنی ماددەی هۆشبەر بۆ ئەندامانی خێزان، زۆرجار کچەکانیان وەك کالایەکی هەرزان بەها رادەستی بازرگانانی مادەهۆشبەرەکان دەکەنو لە ماڵەکانی خۆیان وەك کەلوپەلی بازار ساغیان دەکەنەوە،حالاتی ئەوە بەدیاردەخات کە کارو چالاکی ئەوان وەك ئەوە وایە بەناو کێڵگەی میندا برۆیت.

حالاتی پێیوایە لە ئێران چەند رێسایێك هەیە ئەبێ پێوەی پابەندبین، بەڵام بەو مانایە نیە نەتوانین بە کچەکان بڵێین"ئێوە لە کورەکان جیانین، پێویستە کەسایەتی ئێوەش پارێزراوبێت"شادی سەدریش دەڵێت:"چەندان خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین ئەنجامدەدەین، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئاگادار دەکەینەوەو سکالای ژنانیان پێرادەگەیێنین، تا قەزا ناچاردەکەین کەچیتر سزای لەسێدارەدان بەسەر ژناندا نەسەپێنێ"

بەپێی ئاماری رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ساڵی رابردوو(١٧٧) کەس لە ئێران لە سێدارە دراون ، کە چواریان ژن بوونە، بەڵام ئەمساڵ (٥) ژن لە سێدارە دراوون،لەوانە لەو ژمارەیە زۆرتریش بێت،چونکە هەندێ حاڵەت بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.

لە ئێراندا هەڵوێستەکان بەشێنەیی دەگۆردرێن، بۆنموونە دوای پێنج ساڵ گفتوگۆکردن یاسای پارێزگاری کردن لە منداڵان پەسندکرا، واش چاوەروان دەکرێ لە بەهاری داهاتوو، پرۆژە یاسایێك بخرێتە بەردەم پەرلەمان، کە کۆمەڵێك پارێزەری تایبەت بە مافی مرۆڤ ئامادەیان کردووە، کە ئەوانەی تاوانباردەکرێن بە لاقەکردنی منداڵان لێپێچانەوەی توندیان لە گەڵ بکرێت.